حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی صەلاحەدین – هەولێر

کۆلێژی  پەروەردە

# بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری شاعیرانی کورددا بەنموونەی

# (حاجی قادری کۆیی و عەبدوڵڵا پەشێو)

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی ( زمانی کوردی ) کراوە . وەک بەشێک

لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریوس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا


ئامادەکراوە لە لایەن :

**هێلین عبداڵله محمود**

بەسەرپەرشتی :

**د.شەرمین ابراهیم عەزیز**


**نیسانی-2024**

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم توێژینەوە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە وەک

پێویستیەک بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ و هەلسانگاندن بکرێت.

واژوو: 

ناو:د. شەرمین ابراهیم عزیز

ڕێککەوت:٢٠٢٤/٤/١

## پێشکەشە بە:

* دایک و باوکی خۆشە ویستم

* هەموو مامۆستا و قوتابییە ئازیزەکانی بە شی زمانی کوردی

* هە موو ئەو هاورێ و مامۆستایانە، کە بە وشەیەکیش بێت هاوکارم بوون لە تەواوکردنی ئەم تویژینەوەیە

* هەموو ئەو کەسانەی کە لە داهاتوو سوود لەم توێژینەوەیە وەردەگرن

## سوپاس و پیزانین....... بۆ:

* ئه و کەسانەی، کە یارمەتیان دام لە دەست خستنی سەرچاوەکاندا

* مامۆستای سه رپه رشتیارم، کـه به سـەرنج وتێبینـی، وەڵامدانـه وه ی پرسـیارەکان توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد

* هه موو ئەو کەسانەی، کە بە زانیارییەکی کەمیش بێت، یارمه تیان داوم لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە

# پوختە

پەندی پێشینان بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆر، کە بریتییە لە چەند قسەیەکی کورت و پڕ واتا، بەیەکەوە نووساون و واتایەکی بەرزیان دروست کردووە. لەچەند جۆرێک پێک دێت، کە هەر جۆریک باس لە لایەنیکی ژیان دەکات. چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە هەر یەکەیان جیایە لەوی تریان خاوەن خەسڵەت تایبەت بەخۆیەتی.

شاعیرانی کورد لە نێو شیعرەکانیاندا پەندی پێشینانیان بەکارهێناوە، بۆمەبەستی ئامۆژگاری یان بۆ پڕ واتاکردنی دێرە شیعرەکەیان. هەندێک لە شاعیران پەندەکە بەبێ دەستکاری کردن لە شیعرەکانیاندا بەکاری دێنن و هەندێکی تریان وشەی تر بۆ پەندەکە زیاد دەکەن ئەمەش وا دەکا واتایەکی جوان بەدێرە شیعرەکە ببەخشێت.

حاجی قادری کۆیی، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە پەندی زۆری لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە، هەندێکیانی وەکو خۆی، هەندێکی تر بە دەستکاری کردن بەرجەستەیکردوون. بەمەش پەندەکان مانایەکی جوانیان بە شیعرەکانی بەخشیووە.

عەبدوڵڵا پەشێویش، شاعیرێکی نوێخوازە، لە شیعرەکانیدا چەند پەندی پێشینانی بەکارهێناوە، بۆ مەبەستی جوانکردنی شیعرەکانی لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بۆ زیندووکردنەوە. ئەم شاعیرە لە هەندێک لە شیعرەکانی پەندی پێشینانی وەکو خۆی دەقاو دەق بەبی دەستکاری کردن، هەندێکی دیکە بەدەستکاری و بە زیادکردنی چەند وشەیەک بۆ پەندەکە بەبێ تێکدانی ماناکەی جوانترو ڕەوانتر خستۆتیەڕوو.

# ناوەڕۆک



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 5 | ١-پێشەکی |
| 6 | ١-١- ناونیشانی توێژینەوەکە<br>١-٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە<br>١-٣- ئامانجی توێژینەوەکە<br>١-٤- ڕێبازی توێژینەوەکە<br>١-٥- سنوری توێژینەوەکە |
| 7-8 | ٢- پێناسە و جۆر و تایبەتمەنییەکانی پەند و بەرجەستەکردنی لای شاعیرانی کورد |
| 9 | ٢-١- پێناسەی پەند<br>٢-٢- جۆرەکانی پەند |
| 9 | ٢-٢-١-پەندی سیاسی |
| 10-9 | ٢-٢-٢-پەندی ئابوری |
| 10 | ٢-٢-٣-پەندی کۆمەلایەتی |
| 11-10 | ٢-٢-٤-پەندی نیشتیمانی |
| 12-11 | ٢-٢-٣- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری شاعیراندا وەکو خۆی |
| 14-13-12 | ٢-٢-٤- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری شاعیرانی کورد بەدەستکاری |
| 14 | ٣- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی(حاجی قادری کۆیی و عەبدوڵڵا پەشێو) |
| 18-17-16-15-14 | ٣-١- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی ( حاجی قادری کۆیی )دا وەکو خۆی |
| 19-18 | ٣-٢- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی ( حاجی قادری کۆیی )دا بە دەستکاری |
| 20-19 | ٣-٣- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی(عەبدوڵڵا پەشێو )دا وەکو خۆی |
| 22-21-20 | ٣-٤- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی(عەبدوڵڵا پەشێو )دا بە دەستکاری |
| 23 | ئەنجام |
| 25-24 | سەرچاوەکان |
| 26 | پوختە بە زمانی عەرەبی |
| 27 | پوختە بەزمانی ئینگلیزی |
| | |

## ١ - پێشەکی

### ١-١-ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشـانی توێژینەوەکەمـان بـریتییە لە: بەرجەسـتەکردنی پەنـد لە شـیعری شـاعیرانی کورددا بەنموونەی (حاجی قادری کۆیی و عەبدوڵڵا پەشێو).

### ١-٢-هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە

گاریگەربوونمان بە هەردووشاعیری گەورەی کورد (حاجی قادری کۆیی و عەبدوڵڵا پەشێو)

### ١-٣-ئامانجی توێژینەوەکە

ئامـانج لە نووسـینی ئەم تـوێژینەوەیە ئەوەیە، کە گرنگـی و بـایەخی پەنـدی پێشـینان لە لای شـاعیرانی کـورد، بەتـایبەتی لای هەردوو شـاعیر (حـاجی قـادری کـۆیی و عەبـدوڵڵا پەشـێو) بخەینەڕوو.

### ١-٤-ڕێبازی توێژینەوە

لەم تـوێژینەوەیەدا، دوو ڕێبازمـان تێکەڵکـردووە، لە بەشـە تیـۆرییەکەی ڕێبـازی وەسـفی ولە بەشە پراکتیکیەیەکەش ڕێبازی شیکاریمان گرتۆتەبەر.

### ١-٥-سنووری تویژینەوە

سـنووری تویژینەوەکەمـان لە چوارچێـوەی هەر دوو دیـوانە شـیعرییەکانی شـاعیران (حـاجی قادری کۆیی و عەبدوڵڵا پەشێو)دایە .

### ١-٦-ناوەڕۆکی پلانی تویژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان، جگە لە پێشەکی، لە بەشێکی تیۆری و بەشێکی پراکتیکی پێکهاتووە. لە بەشـە تیـــۆریەکەی دا باســـمان لەمـــانە کـــردووە: (پێناســـەو جـــۆر و تایبەتمەنـــدییەکانی پەنـــد، بەرجەسـتەکردنی پەنـد لە شـیعری هەنـدێک لە شـاعیرانی کـورددا، ئەونـیش: وەکـو خـۆی و بەدەستکاری). لە بەشە پراکتیکیەکەشدا ئەو پەندە کوردییـانە و چۆنیەتی بەرجەسـتەکردنی لە شیعری هەردوو شاعیر (حاجی و پەشێو)مان دیاریکردووە.

لە کۆتایشـدا، بە چەنـد خاڵێـک ئەنجـام، لیسـتی سەرچاوەکانیشـمان لەگەڵ پـوختە بە زمـانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو .

## ٢-١- پێناسه ی په ندی پێشینان

ناساندن یان پێناسه ی هەر بابەتێک کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەر ناساندنێک هەرچه ند ورد و روون بکرێته وه ناتوانی چه مکی ته واوی هه مەلایەنەی بابەتەکه به وردی بناسێنیت. له باره ی پێناسه ی په ندی پێشینانه زۆرێک له نووسه ر و زمانه وانان پێناسه یان کردووه، بەڵام پێناسەکان زۆربه یان له یه ک نزیکن و له چوارچێوەیەکدا دەخولێنه وه ، بۆیه به چاکمان زانی هه ندێ له و پێناسانه بخه ینه ڕوو:

پەندی پێشینان ((بریتیه له بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک ئەم پەندە هەمیشه لەلای گەلانی سەرەتایی وسادە به فەلسەفەی ڕاستەقینه ولەکاری ڕەوشت خووە، هەموو ڕاستیەک، هەموو ڕووداویکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنه ئەنجامێک که میللەت گەیشتبێتی دەربارەی هەرچییەک بێت ئەچێته تەرازووی پەندی پیشێنانەوە)) (ڕەسوڵ، ١٩٧٠،ل٧٨).

پیناسەیەکی دیکە، کە نزیکە لەو پێناسەی سەرەوە، دەڵێت: ((بێژەیەکی سوکەڵەو ساناى سەر زمانە بۆمەبەستی ئامۆژگاری و وریاکردنەوەو پیشبێنی سەرنجدان و تێرامان یان شێکردنەوەی هەڵویست بەکاردەهێنرێت هەندی پەند وتەیەکی وهەندی دیکەیان پتەوترەو فەلسەفییە))( حەسەن ،٢٠٠٩،ل٦٩).

ئەم دوو پێناسەیە، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەند بەرهەمێکی ئەدەبی کۆنە و فەلسەفە و هزری نەتەوەییە. بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەری خەڵک هاتۆته بەرهەم. جگە لەمەش پەند بۆ دەربڕینی هەست و سۆزیش بەکارهاتووە، وەک لەم پێناسەیە بەدیار دەکەوێت، کە دەڵێت: ((په ندی پیشینان و ته یه کی، کۆنباوه فورمیکی رسته یی هه یه به شیوه یه کی ناراسته وخۆ راستی وتەو کرداری ژیرانه پیشانده دات که له گەڵ مانای ته واو یان وردی وتەکه بۆ ئاراسته کردنی ره فتاریک یان وه ی هاوسۆزی و هه ست ده ربرینی هه لویستیک به کاردێت))(ئاکمانج، ٢٠٠١،ل٢٨٥).

پێناسەیەکی دیکەی پەندمان هەیە، جەخت له چۆنیەتی خستنەڕووی پەند دەکات لەلایەن کەسی پەند بێژەوە، هەروەها ئەو زەمینەسازییەی کە بۆی کراوە، ئەویش ئەوەیە، کە دەڵێت: ((ڕووخسارە مەبیوەکەی بریتیە لەو وشەو زاراوە باوانەی کۆمەڵانی ئەو خاکەی پەند بێژەکەی لی گۆش کراوە لە ئەنجامی ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێشەوە بەبیرو مێشکی بلیمەتیکی وردبینی کەسانیکی بەهرەدارو توانادارەوە داهاتووە))(دەشتەکی،٢٠٠٢،ل٥).

روخساری سادەی پەند و زمانەکە وای لە نووسەران کردووە، کە لەم ڕوانگەیەشەوە پێناسەی بکەن، بۆ نموونە لە یەک لەو پێناسانە هاتووە، کە دەڵێت: ((چەند دەربڕینێکی ڕێک و پتەوە، زۆربەی شێوەی فێرکردن و ئامۆژگاری پێوە دیارە، خۆیان لە روخسار و شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی دەدوێن....)) (شارەزا:١٩٨٣، ٦)

لێرەدا لەم پێناسە دەبینین، کە پەندی پێشینان لایەنێکی زۆری پەروەردە و ئامۆژگاری تێدایە، هەروەها ئاماژە بە شێوازی دەربڕینی پەند دەکات، بەوەی زمانی دەربڕینی پەند زمانێکی سادە و ساکارە، زمانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگایە. ئەمەش بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتنی خوێنەر، یان تاکەکانی کۆمەڵگایە .

پەند سیمایەکی کورتی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی گەورە دەگەیەنێت و باس لە ژیانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، کە ئەو ڕووداوانەی تێدا ڕووی داوە و وەکو گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ کۆمەڵگە، هەربۆیە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بەو پێناسەیە بکەین، کە دەڵێت: ((پەندی پێشینان ووتەیەکی کورتە یاخود نیمچە درێژە، کە بەهۆیەکەوە وترابێ دەستنیشانکەرو ڕێنیشاندەر بێ بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کۆمەڵ خاوەنیەتی و لە ژیانی ئەدوێ...))(شارەزووری:١٩٨٨، ٩)

ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین، دەردەکەوێت، کە پەندی پێشینان گوتەیەکی کورتە یان تارادەیەک درێژە، واتە لەسەر زارە و دەماودەم دەگێڕدرێتەوە، لەلایەن باب و باپیرانمان، لەبارەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانمان ڕوودەدەن، بۆ ئەم مەبەستە ئەم پەندانە دەگێرنەوە، تاوەکو نەوەکانی دوایی خۆیان بیکەن بە گەنجینەیەکی بەنرخ و سوودی لیوەربگرن.

سەبارەت بە پەندی کوردیش، بەم شێوەیە پێناسە کراوە، کە دەڵێت: ((پەندی پێشینان سامانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی میللەتی کوردە، لەم سامانەدا جۆری بیرکردنەوەی گەلی کورد و باری کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا دیارە، بایەخێکی گەورەی هەیە))(ئیبراهیم:١٩٨٤، ٥)

لەم پێناسەیە، کە دەڵێت سامانێکە، دیارە مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە پەندی پێشینان گەوهەرێکی بەنرخی میللەتی کوردە، بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە، باش و خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بۆتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی ئەم پەندانە. پەندانەکانیش بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و پەروەردەیی لایەنە جۆراوجۆرەکانی تاک ماونەتەوە.

## ٢-٢- جۆرەكانی پەند

پەندی پێشینان، هەروەک چۆن پێناسەی جیاوازی هەیە، بە هەمان شێوەش جۆر ولایەن و مەبەستی جیاوازی هەیە. ئەویش لە ئەنجامی دنیادیتە و تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی گەورە پیاوانی پێشینانمان، بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیانیاندا ڕوویان داوە و دروستبووە. ئەم تاقیکردنەوانانەیان کردۆتە گەوهەرێکی بەنرخ و بۆیان بەجێهێشتووین. لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین:

### ٢-٢-١- پەندی ئاینی:

ئەو جۆرەیە، کە پەیوەندی بە قورئان و فەرمووودەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) هەیە، واتە سەرچاوەی ئەو جۆرە لە پەند ئاینیی پیرۆزی ئیسلامە. هەروەک وتراوە: کوردەکان ((ئاینی ئیسلا میان بەبڕوایەکی پاک و بێ خەوشەوە قبوولیان کردووە و چوونە تە ژیر ئالایە وە ، بروای بی گە ردیان بەیەزدانی مە زن هە بووە و شە هادە تیان بە دینی ئیسلام هیناوە ، بە هەموو توانایانەوە پاریزگاری لە ئایینە کەیان کردوو و بە هە زاران .قوربانیان لە ڕێگەیاداوە))(خەزنەدار:١٩٧٠، ٧٢)

### ٢-٢-٢- پەندی سیاسی:

ئەم جۆرە پەندانە، پەیوەندی بە باری سیاسی وڵاتەوە هەیە. ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی یەکە یەکەی تاکی کۆمەڵگاوە دەبێت. دیارە هەر لە زەمانی زووەوە ئەم جۆرە کاریگەریانە لەسەر باب و باپیرانمان دروستبووە و بۆتە هاتنەکایەوەی ئەو جۆرە پەندانە. بۆ نموونە سەبارەت بە کوردستان ((هە میشە خاکی کوردستان شوێنی چاو. لە ئە مو ئە و بووە و شە ق و پە ق کراوە ،هەر جارەو لەلایەکەوە هێرشیان هیناوە تە سە رو هە ر دەمە و لە شکری لا یە ک کردوویەتی بەمە یدانی شەر ))(خەزنەدار:١٩٧٠، ٧٣)

### ٢-٢-٣- پەندی ئابووری:

ئەم جۆرە پەندانە دەگرێتەوە، بەهۆی خراپی دۆخی ئابووری لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دێتەئاراوە. واتە هەر لەسەردەمانی زووەوە مرۆڤ هەوڵی باشکردنی باری گوزەرانی ژیانی داوە. بەداوی کار گەڕاوە و لە ئەنجامدا تووشی جۆرەها ڕووداو هاتووە، ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ دروستبوونی ئەم پەندانە .

ئەم جۆرە پەندانە پەیوەندی بە لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، هەروەکو وتراوە: (( بی گومان باری ئابووریش پەیوە ندی زۆری لە گە ل باری سیاسی رژیمی حوکما هە یە ،..... کوردستانیش بە زۆری مە یدانی شە ر بووە ڕژیمی دە رە بە گ و پاشایە تی تیا بالا بووە ، جگە لە ژیانی کومە لایە تی کە تا بە ینیکیش لە مە وبە ر زوری بە کۆ چ وڕووە و گە رمیان و کوستان و ئە م دیوە و ئە و دیوە وە خە ریک بوون . ئنجا ئە مانە هە موو کاریان کردوتە سە رباری ئابووری، بە تایبە تی بازرگانی و کشت و کال و ئیشکردن ، ئە مە جگە لە و گرانی و نە خوشیانە ی کە ئە کە وتنە وە کە جاری وا  بوەو ولاتیان وێرانکردووە و قڕیان خستوتە ناو خە لکە وە و دروینە ی هە زارە ها گیانیان کردووە))(خەزنەدار:١٩٧٠، ٧٣).

**٢-٢-٤- پەندی کۆمەڵایەتی:**

ئەو جۆرە پەندانە دەگرێتەوە، کە تایبەتە بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا، واتە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، وەک تاڵی و شیرینی و خۆشی و ناخۆشی، کە لە ڕابردوو بەسەر ژیانیاندا هاتووە. بۆ نموونە ((ژیانی کومە ڵایەتی کوردیش -وە بە تایبە تی ئە وسا فە رقی زور بووە لەگەڵ ئیستادا لە زۆر ڕووەوە ، لە لایە کە وە داد پە روەری و یارمە تی دانی یەکتری و ڕەوشتی جوان و پیاوەتی و ڕاستی و دان بەخۆداگرتن و زمانی شیرین و بڕوا بەخۆکردن .....باوبون))(خەزنەدار:١٩٧٠، ٧٤). ئەمانە وایکردووە، یان پاڵنەربوونە بۆ هاتنەکایەی ئەو جۆرە پەندانە.

**٢-٢-٥- پەندی نیشتیمانی:**

جۆرێکی دیکەی پەندە، پەیوەندی بە خۆشویستنی خاک و نیشتیمان هەیە. هەر لە زووەوە مرۆڤ هەوڵداوە لەسایەی دەسەڵاتی خۆماڵی بژیت، هەمیشە لە سەنگەری بەرگری و بەرخۆدان بووە، هەردەم ئامادە بووە گیانی خۆی فیدا بکات لە پێناو سەربەرزی خاکەکەی. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە یەک لە دواییەکانەدا، ئەو جۆرە پەندەش هاتۆتەکایەوە .

**٢-٣- خەسڵەت و تایبەتمییەکانی پەندی پێشینان**

پەندی پێشینان چەند خەسڵەت و سیما و تایبەتمەندییەک لەخۆدەگرێت. تایبەتمەندییەکان بە چە ند جۆریک لەو سە رچاوانەی کە لەبارەی پەندی پێشینان دەدوێن، دەستنیشانکراون، لە ڕووی ژمارە و گرنگی تایبەتمەندییەکانەوە لەگەڵ ئەوەی لە یەکتر نزیکن، بەڵام هەموویان وەک یەک نین و جیاوازن. لێرەدا هەندێک لەو تایبەتمەندیانە دەخەینەڕوو:

١_شێوه ی فێرکردن و په ند و ئامۆژگاری دانه.(شارەزا،١٩٨٣،ل٦)

٢_کورتبری و خەست و قووڵی له دارشتندا.(ابو زید، ١٩٧٢،ل٣٩)

٣ -هەندێک پەند هەیە، ڕاستەوخۆ لە گوزارەکەی تێدەگەیت.(دەشتەکی، ٢٠٠٢،ل٦)

٤ -خاوەنی پەند وون و نادیارە. (خاڵ: ٢٠٠٠، ٨)

٦-هەندی لە لیکۆڵەرانی دیکەش لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیەوە سێ خەسڵەتی دیکەیان دیاریکردووە، بریتین لە: ((کورتبڕی، مانا پێکاندن، جوانی لیکچواندن))(زلهایم،١٩٨٢،ل٢٣.)

٧-هەندێکی دیکە لە چوار خەسڵەت کۆیانکردووەتەوە: ((کورتبڕی، جوانی لیکچواندن، ماناپیکاندن، درکە))(الیافی ،١٩٨٥،ل١٤.)

٨-لەگەڵ ئەو خەسڵەتانەی کە ئاماژەی پێکرا هەندێ لە زمانەوانان خەسڵەتی ((نەگۆڕی و بەربڵاوی بەکارهێنان و بەکارهێنانی خوازەیی)) )الحمزاوي، ١٩٧٧،ل٥( بەسەر چوار خەسڵەتەکەی تر زیاد دەکەن.

٩-پەند هەیە لەسەر کەرەستەی دارشتنەکە، وشەکان، دەتوانی ڕووداوەکە هەڵبکرینیت.(دەشتەکی، ٢٠٠٢،ل٦)

١٠-بە زمانێکی سادە دارێژراون. (عەبدوڵلا:٢٠١٤، ١٩) واتە زمانی دەربڕین و نووسینی پەند زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتنی ئاسایی خەڵکە، زمانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگایە. تاکەکانی بە ئاسانی لێتێدەگەن.

**٢-٤- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری شاعیرانی کورددا:**

**٢-٤-١-بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری شاعیرانی کورددا وەکو خۆی:**

مەبەستمان لەوەیە، کە شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە، کە پەندەکان وەکو خۆی و بەبێ دەستکاریکردن و کورتکردنەوەیان لە چوارچێوەی شیعرەکانیاندا بەرجەستە بکەن. بۆ نموونە:

(پیرەمێرد)ی شاعیر چەندین پەندی لەشیعرەکانی بەرجەستەکردووە، وەک ئەم پەندەیە، کە لە ڕۆژنامەی (ژین)ی بڵاوکراوەتەوە. کە دەڵێت:

**مەعاشی بەلاش بێ پیتەو بێ خێر**

**(دەستی ماندوو لە سەر زگی تێر)**

ئەم پەندە (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر)، کە (پیرەمێرد)بەکاریهێناوە ئاماژەیە بۆ (ئەو کەسەی کاردەکات و ڕەنج ئەدات لەدوای تێکۆشانەکەی پارەی دەست دەکەوێت و خواردن دەکڕی وتێر بەسکی خۆی دەخوات((ڕۆژنامەی ژین،ساڵی(٧)ژمارە٢324 ١٩٣٢/٦/٢)

شاعیری کورد(ملا غەفور دەبابغی)لەشیعری (وتو ویژ لەگەڵ بەختی کلۆڵ و خەواڵوو)پەندی پیشینانی بەکارهێناوە وەک لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت :

**بۆچی قەدجارێک لە جاران، ڕێت لەماڵم ناکەوێ**

**دیارەتۆ(نوستووی لەگوێ گادا)کش وماتی خەوی**

ئەم پەندە(لەگوی گادا نووستوی)ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کەبێ ئاگاو بێ خەبەرە لە هەموو شتێک.(ملا غەفوور،٩ ١٢٨ی کوردی،ل١١٥)

)قانعی) شاعیر لە شیعری( بەری یەکێتی) پەندی پێشینانی بەکارهێناوە وەک لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت:

**ئاشنا وەرە با ئاشنا بین**

**لەئاشنا چاکتر هەروەک برابێن**

**نەتبیستووە(برا لەپشت برابی مەگەر**

**موقەدەر لەلای خوابی)**

ئەم پەندە(برا لەپشت برا بی مەگەر موقەدەر لەلای خوابی) ئاماژەیە بۆ برا ئەبی لە هەموو تەنگانەیەکدا، دەستی بە پشتی براوەبێ تاکەس زەفەریان پی نەبا. (دۆلاشی ،٢٠١٩،ل٣٨٦).

**٢-٤-٢- بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری شاعیرانی کورددا بە دەستکارییەوە:**

لەم جۆرەدا، شاعیر دێت دەستکاری شێواز و دەربرینی پەندەکە دەکات، بەڵام ناوەڕۆک و مەبەستەکەی ناگۆڕێت، بۆ نموونەشاعیری کورد (ئاوات)لە شیعری(دەستی ماندوو لەسەر زگی

تیـر)،که هەر نـاو نیشـانی شـیعرەکە پەنـدە ولە شـیعرەکەی دا بەکاریهێنـاوە وەک لە دێـرە شیعرەکەدا دەڵێت:

**لەسەر(سک چۆن داینێم دەستی ماندو!**

**زگی تێرم نییە)  برسیم  هەموو  دەم**

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر مەبەستی پەندی (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر)ە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسـەی کە بەردەوام تیدەکۆشـیت و هەوڵـدەدات بـۆئەوەی برسـی نەبـێ. (زەنبیلـی، ٢٠٢٢،ل٩٥)

(بێکەس)ی شاعیریش لەشیعری (خوا تا کێو نەبێنی بەفری تێناکا)پەندی بەکارهێناوە، وەک دەڵێت:

**کاکە خوا ئیشی نابەجی ناکا**

**(تا کێو نەبینی بەفری تێناکا)**

ڕاستی پەندەکە بەم شێوەیە دەربڕاوە، کە ووتراوە (خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێ ناکات( پەندەکە ئاماژەیە بۆ کەسێک تا ڕەفتار و کرداری خراپی نەبێت، شیاوی سزادان نەبێت، سزای نادات. (ملا کریم ،١٩٧٠،ل٥٠)

(محسین ئاوارە)ش، کە شاعیرێکی هاوچەرخە پەندی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، بۆ نموونە لە شیعری (سەروژەم) دەڵێت:

**سەرو ژەم**

**دەستم بە ورگی داهێنا**

**وتی: تۆش خۆت ڕابێنا**

**من لە نێوانی ژەم و خەم**

**هەر ژەم دەخۆم**

**سەر و بیرمان لەسەر سکەی دوو هێلن**

**وتم: بگەنە هەرێمی هەر وێستگەیێ**

دەڕۆن و جێمان دێڵن

**وتی: لەڕ و لاواز، یەک و پەراسەکانت بژمێرم**

**وتم: بە دەرەوەی زەمەنێک ترت دەسپێرم**

**وتی: بەڵام**

**وتم: ((ئسپێکی لەڕ چاکترە لە تەوێڵەیەکی پڕ لە کەر))** (ئاوارە:٢٠١٤، ١٦٩)

ئەو پەندەی شاعیر لێرەدا بەرجەستەی کردووە لە شیعرەکەیدا، ئاماژەیە بۆ پەندێکی دیکە، کە وتراوە ((رێوێکی گەڕیدە چاکترە لە شێرێکی نووستوو). ئەگەر سەرنجی ئەو پەندەی لەم شیعرەدا بەکارهاتووە، دەبینین شاعیر مەبەستییەتی، کە مرۆڤی زانا و عاقڵ چاکتر و باشترە لە کۆمەڵە کەسانێکی نەزان و کەم شارەزا.

## ٣-بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی و عەبدوڵلاپەشێو)دا.

### ١-٣ -بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا

### ١-١-٣ -بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی (حاجی قادری کوێی)وەکو خۆی.

حاجی قادری کۆیی، یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد، کە بەشێوەیەکی بەرچاو پەندی پێشینانی کوردی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە. لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا وەکو خۆی پەندی بەکارهێناوە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین، ئاماژە بەو پەندانە بکەین، کە بەکاریهێناوە. وا لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**١-لە گویی گا نوستوون :**

حاجی لە سێ شیعری جیاواز ئەم پەندەی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لەشیعری (سلام اللّه مني) ئەو پەندەی بەم شێوەیە بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

**(لەگوێی گادا نووستون)هەرچەندە شێرن**

**وەکو کەروێشکی چاو ڕامان و کوێرن** (کۆیی، ٢٠١٢،ل٢٢٨)

حاجی لە شیعرێکی دیکەدا هەمان پەند بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە لە شیعری (گاوان و شوانی کوردەکان) ئەم پەندەی بەکارهێناوە،ئەم پەندە بەواتای (کەسێک دێت کە بێ ئاگا بێ لەهەموو شتێک(دێت. کە دڵێت:

**(لە گویی گا نوستوون)بۆێیکە ڕێوی**

**لەسەر ئیوە وەها شێرگێرە وەک سەگ** (کۆیی، ٢٠١٢،ل٧٩)

حاجی لەشیعری (وەرە سەیری بزانە تەرەوی کۆیی) دیسان ئەم پەندەی بەکارهێناوە. مانای پەندەکە بەواتای کەسیک دێت کە لە زۆر شت بێ ئاگا بێت. کە دەڵێت:

**لەعەهدی(کەر نەبێ)تا دەوری گاکوێر**

**(لە گوێی گادا نووستوون)زۆر حەیفە بۆ شیر** (کۆیی:٢٠١٢، ٢٥٣)

**٢-ئاگری بن کا،یان ئاگری ژێر کا:**

حاجی لە هەمان شیعری پێشوو، پەندێکی دیکەی بەرجەستەکردووە، کە دەڵێت:

**هەتا وەک (ئاگری بن کا)ن لەگەڵ یەک**

**ئەگەر تۆ نان بێ لە شکرتان بە پووشەک**

بەکارهێنانی ئەو پەندە بە واتای ئەوەیە، کە لەژێرەوە زەفەر بەیەکتری ئەبەن.

**٣-داری گەورە وەک نەمامی تازە دانایە :**

حاجی لە شیعری (تەماشای قامەتم)، پەندێکی پیشینانی بەکارهێناوە وەکو خۆی، کە دەڵێت :

**تەماشای قامەتم پیری چلۆن تیری عەسای دایە**

**درۆیە(داری گەورە وەک نەمامی تازە دانایە)** (کۆیی، ٢٠١٢،ل١٣٥)

پەندەکەی بە واتای دانایە، کە دانایی،ناچەمێتەوە،

**٤-لەترسی گورگی بەدکار کەری خۆم بەستەوە:**

**هەرکەبیستم پێم دەڵی:(حاجی)سەگی دەرگانەمە**

**من لە(ترسی گورگی بەدکارم کەری خۆم بەستەوە)**

حاجی لە شیعری (ڕۆستەمی مازەندەران)پەندێکی پێشینانی دیکەی بەکارهێناوە، واتای پەندەکە (هەر گوێم لی بوو یار قسەیەکی لوتفی دەرباره کردم بە سەگی بەردەرگای خۆیی دانام، زانیم کە بەدکار لەداخا ئەکەوێتە تەقەڵای زیان پیگەیاندن ولێ تێکدام، لەبەر ئەوە لە ترسی کاروباری خۆم ڕێکخست نەوەک بتوانی دەستێکم لی بوەشێنی)( کۆیی، ٢٠١٢،ل٣١٤)

**٥-شێری نەڕ بەگوی بگری :**

حاجی لە شیعری (تاساڵیکی مەساڵیکی ) ئەو پەندەی لای سەرەوە بەرجەستەکردووە.کە بەواتای (ئازایەتی دێ).کە دەڵێت :

**سۆفی عیبادەتی هەموو مەکرو ڕێوەیە**

**گەر(شێری نەڕ بە گوێ)پەشمە تەعاتی** (کۆیی، ٢٠١٢،ل٤١٣)

**٦-دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە :**

حاجی لەشیعری (ئۆدەبا چاکە) ئەو پەندەی وەکو خۆی بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

**تەمبەڵی وکاری حیزو بێ خیر**

**(دەستی ماندوو لەسەرزگی تێر)** (کۆیی ،٢٠١٢،ل١٩٠)

واتای پەندەکە: ئەوکەسەی کاردەکات وڕەنج ئەدات دوای تێکۆشانی ژارەی دەست دەکەوێت وخواردن دەکرێ و تێر بەسکی خۆی دەخوات.

**٧ -پەشمە لام :**

حاجی لەشیعری(حاکم و میرانی کوردستان)ئەم پەندەی بەکارهێناوە، بە واتای شتێکی بێ نرخ و هێچ دێت. کە دەڵێت:

**من لە غەم غۆری ئەم قسانە دەکەم**

**وەرنە(پەشمە لەلام)هەموو عالەم** (کۆیی،٢٠١٢ ،ل٣٢١)

**٨-ئاسنی سارد بە فوو نەرم نابێ، بە تڕ حەمام گەرم نابی .**

حاجی لە شیعری (شاعیروشێخ خواجە دەربەدەرن) دووپەندی پێشینان بەکار هێناوە، کە پەندی یەکەم بەواتای هەموو کارێک هەوڵ و تێکۆشانی دەویت هێچ شتێک لە هێچ شتیک نایەتە بەرهەم، دووەمیان بە واتای کەسیک دێت کار بەڕۆتێنەوە وەربگرێت فشەفش و قسەی زل و گەورەبکات و لەڕووی کرداری شەوە هیچ هەنگاوێک نەنێت. کە، دەڵێت:

**(ئاسنی سارد بە فوونەرم نابی)**

**(بەتڕانیش حەمام گەرم نابی)** (کۆیی ،٢٠١٢،ل٢٣٢)

**٩-کەپەنک بۆچییە پاش باران :**

حاجی لە شیعری (شاعیروو حواجە دەربەدەرن) دیسان پەندێکی دیکەی بەکاری هێناوە، واتاکەشی ئەوە دەگەیەنێت: ئەو کەپەنکەی شوان دەیکاتە بەری تا بیپارێزیت لەباران و تەڕنەبی دوای باران کەتەڕبووی پەشیمان بوونەوە دادت نادات. کە دەڵێت:

**ئیستەش فرسەتە گەلی یاران**

**(کەپەنک بۆ چییە پاش باران)** (کۆیی، ٢٠١٢،ل٢٣٥)

**١٠) -ڤینگدڕانی پێ ماوە)، ( مریشک کە ئەقڵی نەهێن)**

حاجی لە شیعری (کوردەکانی کۆیی) ئەم دوو پەندەی بەکارهێناوە، کە مانای پەندەکانیش بە واتای بەیەکیک ئەوتری کەلە پارە حەرج کردندا لاسایی لەخۆی دەوڵەمەندتر بکاتەوە، دێت. کە دەڵێت:

**جێی ئەمە وشکە،جێی ئەمە ئاوە**

**تیدەگا(ڤینگدڕانی پی ماوە)** (کۆیی، ٢٠١٢،ل٢٣٩)

**(وەک مریشک کە ئەقڵی نەیهینی)**

**بێت هیلکەی مراوی هەڵبێنی** (کۆیی:٢٠١٢ ،ل٢٣٨)

**١١-قونچکی پیوازەو سەری سیر:**

**بی مینتە ئەگەر خوانی وەلی نیعمەتی حاجی**

**ئەم شیخە چییە (قونچکی پیوازەو سەری سیر)** (کۆیی، ٢٠١٢،ل٢٩)

حاجی لەشیعری (ئەم ئاهووە) ئەم پەندەی لای سەرەوەی بەکارهێناوە، واتای پەندەکەش بەمانای ئەوە دێت کەسیک زۆر بەسەر خۆیدا بنازێ..لە هەموو شتێک خۆی تێدا هەڵدەقورتێنێت.

**١٢-تڕی بن گۆم:**

**ئەدیب عاقڵی لەم بەحرە وەک(تڕی بن گۆم)**

**گەلیکی ون بووە(حاجی )وەچاکە لێی دەربچێن** ( کۆیی،٢٠١٢،ل١٠٩)

لەشیعری(فەلەک بەتیرو کەمانێ)پەندی پێشینان بەکارهاتووە واتای پەندەکە بە مانای بەفیڕۆ دان و بێ دەنگ ڕۆیشتنە.

**١٣-ئاردی نێو دڕک:**

**ئەو زەمانی بوونە (ئاردی نیو دڕک)**

**پارەیەک ناکا دووسەد جار بێتە ڕک** ( کۆیی، ٢٠١٢،ل٢٠٩)

لە شیعری(تاجی(بسم اللە الرحمن الرحیم))پەندی پیشینان بەکارهاتوە واتای پەندەکە بەمانای لە یەک نەگرتن و بڵاوبونەوەی میللەتە.

## ٣-١-٢ بە رجە ستە کردنی پەند لە شیعری (حاجی قادری کۆیی )بەدەستکارییەوە:

**١ -نانی خۆی نابە تەندووری گەرمەوە:**

**(نانی خۆی تاکو بەتەندووری گەرم پیووەنەدا)**

**ناڕوا حاجی ئەگەر چاوی دەرێنن بە بزووت** ( کۆیی، ٢٠١٢،ل٦٥)

لە شیعری (جەبەرووتی کە شکا) حاجی پەندی پێشینانی بەکارهێناوە کەمێک دەستکاری پەندەکەی کردووە، کە واتای ڕاستەقینەی پەندەکە ئەوەیە(نانی خۆی نا بەتەنودووری گەرمەوە) واتای کەڵک لێی وەرگرتن لە هەل و دەرفەت...

**٢-گەر قوڕ دەکەی بەسەرتا،هی بەردەرگای گەورە ماڵان بەسەردابکە.**

**ئەم مەسئەلە مەشهوورە( گەر قوڕدەکەی بەسەرتا ئیکسیرە خاک و خۆڵی دەرماڵی گەورەماڵان** ( کۆیی:٢٠١٢ ،ل٩٨)

لەشیعری(ئەم سەگانە)پەندی پیشینان بەکارهاتووە، حاجی دەستکاری پەندەکەی کردووە،واتای ڕاستەقینەی پەندەکە ئەمەیە کەر قوڕ دەکەی بەسەرتا هی بەردەرگای گەورە ماڵان بکە بەسەرتا..

**٣-لە جێی شێران سەگان(ڕێویان)دەکەن گیرە.**

**شێری دڕندە وەک لە پیشە نەما**

**(گورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقس وسەما)** ( کۆیی ،٢٠١٢،ل٢١٤)

لە شیعری(حاکم و میرانی کوردستان)ئەم پەندەی بەکارهێناوە بە کەمێک دەستکارییەوە، واتای ڕاستەقینەی پەندەکە (لەجێی شیران ڕێوی دەکەن گیرە).

**٤-جوو لەترسا،فەقی لە برسا،دۆم بۆ پەڕۆ،ئەم سیانە خۆش ئەڕوا.**

**جینگەنەی ئیرە باو(جوودی)کەرن**

**هەروەکوو(دۆمی)ئیمەدەربەدەرن** ( کۆیی٢٠١٢،ل٢٥٢)

حاجی لەشیعری (هەرکوردە)، ئەم پەندەی بەکارهێناوە، (دۆم)و(جوی)لەگەڵ فەقی پیکەوە کۆکراوەتەوە ئەڵی (جوو لە برسا،فەقی لەبرسا،دۆم بۆ پەڕۆ، ئەم سیانە خۆش ئەڕوا)، واتای پەندەکە ئەوەیە کە کەسێک بە پەلە ڕێ ئەکات.

## ٣-٢ -بەرجەستەكردنی پەند لە شیعری (عەبدوڵلا پەشێو)

### ٣-٢-١ -بەرجەستەكردنی پەند لە شیعری (عەبدوڵلا پەشێو) وەكو خۆی:

**١-چی بچێنی ئەوە دەدووریەوە :**

پەشـێو، لەشـیعری (وشـەی پەردە)، ئەم پەنـدەی لای سـەرەوەی بەكارهێنـاوە، كە واتـای پەندەكەش ئەوەیە، كە چی بكەی ئەوە بەسەرتا دێتەوە، كە دەڵێت:

**(بچێنە دەدووریەوە)**

**جاران پەندی وا هەبوو**

**منیش لە زۆر هەردەم چاند**

**بەزبڵم بڕوا هەبوو**

**كەچی ئیستاش داخەكەم،**

**قەت هیچم (نەدووریەوە)**

**نەكەس گوتی ئافەرین،**

**نەپاداشت تیش لەلای خودا هەبوو** (پەشێو، ٢٠١٤،ل٥٩)

**٢-بەردی بن گۆم :**

پەشێو، لە شیعری (خۆتەفراندن) پەندێكی دیكەی پێشینانی بەكارهێناوە، كە ئەویش (بەردی بن گۆم)ە، بەو كەسـانە دەوترێت كە كڕوكپن قسـەناكەن، لە جێگەیەكدا دانیشـتوون كەر قسـەش بكەن، قسەیان مەنگ و لیڵەو بە ئاسانی كەسی ئاسایی تێی ناگا. كە دەڵێت:

**ماوەیەكە**

**ڕێی جارانی خۆم گۆڕیوە**

**نەوەك ڕۆژێك**

**توشت بێم و شێوەم نەكەی**

**نەوەك ئێستا**

**له گێژەنی یادی تۆدا**

**ونتربم له(بەردی بن گۆم)** (پەشێو، ٢٠١٤،ل١٧٨)

## ٣-٢-٢ بەرجەستەکردنی پەند لە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو) بەدەستکارییەوە:

**١-گلۆڵەم کەوتە لێژی کەس خاسیەم پێ نابێژی :**

پەشێو، لەشیعری (داگەڕان)، ئەم پەندەی بەکارهێناوە. (گلۆڵە)و(خوارە) ئەو دوو وشەیە ئاماژەن بۆ پەندیکی پێشینانی دیکە، پەندەکە دەڵی (گلۆڵەم کەوتە لیژی کەس خاسیەم بۆ نابێژی)، ئەم پەندە بۆ کەسێک بەکاردێت، کە لێی بقەومێت کەس چاک و خاسی بۆ ناڵێت و هەموو سەرکۆنەی دەکەن لەجیاتی ئەوەی باری نالەباری بۆڕاست بکەنەوە زیاتر لە هەوڵی خستنی بارەکەی بن. پەندەکە بەم شێوەیە لە شیعرەکەدا هاتووە:

**(گلۆڵە)تێشکی سەربەرەو(خوارە)**

**بەردی ئاوداری بڕ کر تەمەنە** (پەشێو ،٢٠١٤،ل٢٣٢)

**٢-چی بچێنی ئەوە دەدووریەوە:**

لە شیعری (لە گەڵمابە)دا، پەشێو پەندەکەی بەکورتکراوەیی بەکارهێناوە، دوو دەستەواژەکەی (بتچێنم)و(بتدوورمەوە)هەردووکیان ئاماژەن بۆ ئەم پەندە (چی بچێنی ئەوە دەدووریەوە)، واتا چی بکەی ئەوەت بەسەر دێتەوە. کە دەڵێت:

**ئەو ڕۆژە چوو کە(بتچێنم) بۆ ئەوەی**

**شەو(بتدوورمەوە)لە ناو پێخەفی نووستنا** ( پەشێو:٢٠١٤،ل١٣٨)

**٣-تەشی بە کەیفی هێچ کەس بامەدە :**

پەشێو، دیسان هاتووە، پەندێکی دیکەی بە کورتکراوەیی لەشیعری (ئەگەر ئەم جارە بێمەوە)بەرجەستەکردووە. (تەشی)(دەرپیسمەوە)، ئەو دوو وشەیە لە پەندی کوردیدا زۆر بەکارهاتوون، کە ئاماژەن بۆ ئەم پەندە: (لەحوکمی وێژدان هەرگیز لامەدە،تەشی بە کەیفی هێچ کەس بامەدە)، کە دەڵێت:

**لیشم بدەی**

**لیشم حەرام کەی شیری خۆت،**

**من به (تەشیکەی)منالی(دەڕێسمەوە)**

**دار،بەرد،گڵ،قوڕ**

**چیم بێتە ڕێ دەیلێسمەوە!** (پەشێو،٢٠١٤،ل٣٦٤)

**٤-دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە تا با نەیبات :**

پەشێو، لەشعری(بادێ)دا، ئەم پەندەی لای سەرەوە بە دەستکاریەوە بەکارهێناوە، کە ئەسڵی پەندەکە ئەمەیە (دەست بە کڵاوی خۆتانەوە بگرن تا با نەیبات)، کە دەڵێت:

**(دەست)بەئابڕووی خۆتانەوە (بگرن)،خەڵکە ئەگەر تۆزیک ئابڕوو مابی**

**باسەریشمان پێرۆزی باو ڕەشە با بێ** (پەشێو ،٢٠١٤،ل٤٣٠)

**٥ -لە منداڵ و شێت ڕاستی وەرگرت:**

پەشێو، لە شیعری (لە روخساری شیعر گەڕێن) دا دەڵێت:

**لە روخساری شیعر گەڕێن**

**لە روخساری شیعر گەڕێن، خەمخواری کورد**

**تا کرێت و ناشرین بێت روخساری کورد**

**منداڵ و شێت ڕاستگۆن....... منیش......**

**منداڵێکی سەرسپیم و سەر شێتێکی لاساری کورد** (پەشێو: ٢٠١٤، ٢٤٢)

ئەگەر سەرنجی تەواوی ئەو پەندە بدەین، دەبینین بە شێوەیەکی دیکە لە لایەن شاعیرەوە بەکارهێنراوە. ئەسڵی پەندەکە بەم شێوەیە: (لەمنداڵ و شێت ڕاستی وەرگرت)، واتە ئەم دووانە تەنیا ڕاستی دەزانن، هەر قسەیەکیان گوێ لێبێت وەک خۆی دەیلێنەوە. شاعیر بۆ ئەوەی خەڵک و کۆمەڵگاکەی باوەڕ بە ڕاستگۆیی و ڕاستی قسەکانی بکەن. دەیەوێت بە کۆمەڵگاکەی بڵێت منیش وەک منداڵێکم ناخم پاکە بەرامبەر بە ئێوە.

**٦ -کەم بژی، کەل بژی:**

پەشێو لە شیعری (ڕێرەوم)دا، دەڵێت:

**ناچی لە بیرم باوکی ژیرم**

**چەکی مەردانەی خستە سەر شانی**

**ئێمەی جێهێشت بۆ تێکۆشانیی**

**نەیگێڕایەوە ئەشکەنجە و شرا**

**تا ڕۆژێک ئاگر بە دڵیا چرا**

**بەڵام دوا قسەی پەندە**

**ساتێ پێی گووتم، دەم پڕ لە خەندە**

**"((ڕۆڵە" مەرد بژی نەک وەک بەندە))** (پەشێو:٢٠١٤، ٩١)

پەشێو، لێرەدا پەندەکەی بە دەستکارییەوە لە شیعرەکەیدا بەرجەستەکردووە. واتای پەندەکەش ئەوەتە، پێویستە لەسەر مرۆڤ مەردانە و سەربەرزانە بژێت، نەک وەک دیل و کۆیلە، هەروەها کەم بژیت بە سەربەرزانە، نەک ژیانێکی زۆر و ژێردەستیەی .

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم تویژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-لە ناو دیوانی ئەو شاعیرانەی کورددا، کە لە بەشە تیۆرییەکەدا تیشکمان خستەسەریان، چەندین پەندی پێشینانمان دەرهێنا، کە هەر پەندیک دەلالەت لە شتیک دەکات هەر پەندیک مانایەکی تایبەتی هەیە، بۆمان دەکەوت بە هەردوو شێوەی وەکو خۆی و بە دەستکاریەوە بەکاریان هێناوە.

٢ -پەندی پێشینان هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ شاعیرانی کورد تاوەکو لە شیعرەکانیاندا پشتی پێ ببەستن و بەکاری بهێنن، ئەمیش بۆ هۆشیارکردنەوەی نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی دووچاری کێشە نەبنەوە لە ژیاندا و پەند وەربگرن لە هەر هەڵەیەک کە ئەنجامیان داوە و سوود لە پەندەکان وەربگرن، کە نەوە لە دوای نەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە ڕۆژانە لەسەر زاری خەڵکە.

٣ -بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، کە بە شاعیرێکی کلاسیکی و نیو کلاسیکیش هەژماردەکرێت. پەندی پێشینانی بۆ هۆشیارکردنەوە و ئامۆژگاری تاکی کورد بەکارهێناوە.

٤ -حاجی، ژمارەی ئەو پەندانەی، کە وەکو خۆی بەکارهێناوە (١٣) پەندە، زیاترە لە ژمارەی ئە پەندانەی، کە بە دەستکارییەوە بەکاریهێناوە، کە ژمارەیان (٤) پەندە .

٥ -بەرجەستەکردنی پەند لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، کە شاعیرێکی نوێخوازە و پەندی پێشینانی لە شیعرەکانیدا وەکو جوانییەک بە شیعر و ئامۆژگاری دان بە خوێنەر بەکاریهیناوە.

٦ -پەشێو، ژمارەی ئەو پەندانەی، کە وەکو خۆی بەکارهێناوە (٢) پەندە، کەمترە لە ژمارەی ئەو پەندانەی، کە بەدەستکارییەوە بەکاریهێناوە، کە ژمارەیان (٦) پەندە.

٧ -لە ئەنجامی بەراوردکردن، لە نێوان هەردوو شاعیر بۆمان دەرکەوت، کە حاجی زیاتر پەندی لە شیعرەکانیدا لە چاو پەشێو بەرجەستەکردووە. هەروەها حاجی زیاتر پەندی وەک خۆی لە شیعرەکانیدا لە چاو هی پەشێو بەکارهێناوە. کەچی پەشێو لە چاو حاجی دا زیاتر پەندی بە دەستکارییەوە بەکارهێناوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوەکوردییەکان:

### ١-کتێب:

١-ابراهیم،شوکریە رسول، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،١٩٨٤ .

٢ -ئاوارە، محسین، دیوانی (کارێزە مەرجان)، بەرگی یەکەم، لە چاپکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی، هەولێر، .٢٠١٤

٣-ئیمام زەنبیلی،سەید، دیوانی ئاوات، چاپخانەی سنە،٢٠١٣.

٤-بێکەس،فایەق، دیوانی فایەق بێکەس، چاپخانەی شەفیق، بەغدا،١٩٧٠.

٥-پەشێو،عبداللە، پشت لەنەواو ڕوولەکرێوە، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات،کوردستان،٢٠١٤.

٦-پەشێو،عبداللە، سەولّم پۆلاوکەناریش دوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات،٢٠١٩.

٧-پەشێو،عبداللە، هەسپم هەورەورکێفم چیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات،کوردستان،٢٠١٤.

٨-حەسەن،شەوکەت، پەندی پێشینان و هەندی زاراوەی کوردی و ئینگلیزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٩.

٩-دەشتەکی،عمر، پەندی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر،٢٠٠٢.

١٠-دۆلاشی،محمد، دیوانی قانع، چاپی هەشتەم، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی،١٩٨٦٠

١١-ڕەسولّ،عیزەالدین، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دارالجاحض، بەغدا،١٩٧٠.

١٢-شارەزا،کریم، پەندی بەراوردکاری لەنێوان ئینگلیزیو عربی وکوردی، چاپخانەی سمیر المیس،١٩٨٣.

١٣-شارەزووری، علی معروف، پەندی پێشینانی کوردی، بەرگی یەکەم و دوەم، چاپی دووەم، .١٩٨١

١٤ –عبدالله، ئیدریس (د.)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤.

١٥–کۆیی،حاجی،دیوانی حاجی قادری کۆیی،چاپی یەکەم،سنە،٢٠١٢ .

١٦–ملا،غەفوور، دیوانی حافزی مهابدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردی کەونار، سەقز، ٩١٢٨ی کوردی.

**٢ –ڕۆژنامە**

١–ڕۆژنامەی ژیان،ساڵی"٧"ژمارە"٣٢٤"،١٩٣٢/٦/٢.

**٣–گۆڤار**

١–أحمد،پەخشان،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە١٦،هەولێر،٢٠١٠.

٢–خەزنەدار،مارف، دەفتەری کودەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا،١٩٧٠.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١–کتێب**

١–ابوزید، احمد، دراسات فی الفولکلور، القاهره،١٩٧٢.

٢– الیافی،عبدالکریم،الأمثال مکانتها،حقیقتها البلاغیه،نشؤها،صلتها بالحیاة،١٩٨٥،ل١٤.

3–زلهایم،رودلف،الأمثال العربیة القدیمة ،دارالنشر–دارالأمانه،القاهره،١٩٨٢.

**٢ –نامەی ئەکادیمی**:

١ –الحمزاوی،علاء،التعبیر الاصطلاحي في أمیال العربیة.دراسه ترکیبة دلالیة،جامیعه المینا،مصر،رساله دکتورا،١٩٧٧.

**سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

١akamanj,Adrian –، LINGUISTICS

A INTRODUCTION TO LANGUAGEAND COMMUNICATION,Fifth Edition,Lodon,2001,p385.

## ملخص البحث

الأمثال هي جزء من الأدب الشعبي، وتتكون من عدة أقوال قصيرة وذات معنى، كتبت معًا وخلقت معنى عاليًا. ويتكون من عدة أنواع، يتناول كل منها جانبًا من جوانب الحياة. ولها عدة مميزات كل منها تختلف عن الأخرى ولها خصائصها الخاصة.

استخدم الشعراء الأكراد الأمثال في قصائدهم للحصول على النصيحة أو لجعل سطورهم ذات معنى أكبر. بعض الشعراء يستخدمون المثل دون تعديل في قصائدهم والبعض الآخر يضيف كلمات أخرى للمثل مما يعطي معنى كبير للقصيدة.

يعتبر الحاج قادر كويي من الشعراء الذين استخدموا في قصائده العديد من الأمثال، بعضها كما هو والبعض الآخر مع التعديل. وقد أعطت الأمثال معنىً جميلاً لقصائده.

عبد الله باشو شاعر حديث استخدم في قصائده بعض الأمثال القديمة لتجميل قصائده. واستخدم في بعض قصائده الأمثال كما هي دون تعديل، بينما استخدم البعض الآخر الأمثال دون تعديل. وأضاف إلى المثل بضع كلمات دون أن يحرف معناه.

## Abstract

Proverbs are part of folk literature, consisting of several short and meaningful sayings, written together and created a high meaning. It consists of several types, each dealing with an aspect of life. It has several features, each of which is different from the other and has its own characteristics.

Kurdish poets have used proverbs in their poems for advice or to make their lines more meaningful. Some poets use the proverb without modification in their poems, while others add other words to the proverb, which gives a lot of meaning to the poem

Haji Qadir Koyi is one of the poets who used many proverbs in his poems, some of them as he is and others with modifications. Proverbs have given a beautiful meaning to his poems.

Abdullah Pashew is a modernist poet who has used some ancient proverbs in his poems to beautify his poems. In some of his poems, he used the proverbs as they are without modification, while others used the proverbs without modification. He added a few words to the proverb .without distorting its meaning